# دەورانی ڕۆژەکان

نووسینی: زەکەریاتامر
وەرگێڕانی: پشکۆنەجمەدین

ڕۆژی شەممە:
درەختێکی کەرسێبەر و بۆ هەمووکەس ئامێزوالا.
یەکشەممە:
درەخت، تەورێک بوو، ڕاوی دارستانی دەکرد!.
دووشەممە:
نەدارێک بوو، گیرفانبەتاڵ،
کە سێشەممە، کرنووشی برد،
سەری ولاتی نەوی کرد،
ئەو "بانک"ێک بوو، بە دوو پێیان پیاسەی دەکرد!.
چوارشەممە:
ئەو شۆڕشگێڕ بوو،
بۆ پێنجشەممە: کۆنەپارێز،
ڕۆژی هەینی: کۆنەپارێزی شۆڕشگێڕ!.

ڕۆژی شەممە:
منداڵێک بوو، هۆگری شینایی ئاسمان،
یەکشەممە هات، ئەو پیاوێک بوو،
باوەکوشتەی ئاسمانی هەموو جوانییەکان!.

دووشەممە:
ئەو پشیلەیەک... دەلال، دڵگیر.
کەچی سێشەممە بەورێک بوو، شەیدای نێچیر!.
چوارشەممە:
ئەو، هەڵۆی ئاشقی ئازادی،
بۆ بەیانی، قالاوێکی بەقاووقیژ،
ڕۆژی هەینیش: کونەپەپووی
عەودال لە دوی
داروپەردووی
کەلاوەکان!.

ڕۆژی شەممە:

ئەو قوربانی و ناڵە لە ناخیا تاسابوو،

کەچی یەکشەممە جەللاد بوو،

لە وڵاتی قوربانیدا!.

دووشەممە:

ئەو ئەڤینداری پەیڤەکان بوو،

ڕۆژی دواتر پەیڤفرۆشێکی بێوێنە!.

چوارشەممە:

ئەو، گەردنێکی ڕووتوقووتی لە دەمی چەقۆ هەڵاتوو،

ئای!... لە ڕۆژی پێنجشەممەدا:

ئەو کێردێک بوو، گەردنەکانی ڕاو دەنا!.

ڕۆژێ هەینی:

ئەو خۆی ڕۆژ بوو، کەچی بوو بە شەوگارێکی بێکۆتایی!.

ڕۆژی شەممە:

ئەو ڕووبارێکی سازگار و..

ڕۆژ وەرگەڕا، زۆنگاوێک بوو، بۆ زاوزێی

خێڵی بۆقان!.

دووشەممە:

لەگەڵ خەڵکدا، ئەو شینگێڕی شینگێڕان بوو..

بۆ سێشەممە، خەڵک تەنیا و ئەو سەرچاوەی گریانیان بوو!.

چوارشەممە: سەرڕاست و ڕاستگۆ!.

پێنجشەممە: دووڕوو، درۆزن!.

ڕۆژی هەینی: هەردوو دەستی پان کردنەوە،

پڕ بوون لە پاداشتی ساختە و فێڵ و دهۆ!.

2006/6/1

زەکەریاتامر، هجاۂ القتیل لقاتله، چاپی یەکەم،2003